## تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی لە چاویلکەدا

جاران چاویلکە تەنیا پێك دەهات لە دوو جام و چوارچێوەیەك بۆ جامەکان، ئێستا تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی چاویلکەشی گرتۆتەوە و چاویلکە هەر بریتییە نییە لە دوو جام بۆ دیتن، بگرە چاویلکەی دیجیتاڵی ئامێرەکە سەرەڕای ئەرکی دیتن دەتوانی بەهۆیەوە گوێ بدەیە گۆرانی و مۆسیقا، گوێ لە رادیۆ بگری...

چاویلکەی جۆری camo313 کە زیاتر سەربازانی سوپا بەکاریٚ دێنن، خاوەنی 4 گێگابایت میمۆری ناوخۆیەتی، توانای بڵاوکردنەوەی فایلە دەنگییەکانی هەیە و هەروەها کامێرایەکی دیجیتاڵی هەیە کە دەتوانرێ لە شوێنی مەبەست فیلم هەڵگرێتەوە.



## مۆبایلی پێشکەوتووی سێ رەهەندی HTC EVO



لە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی سێ رەهەندی (3D)دا هەر رۆژە نموونەیەکی نوێ دەکەوێتە بازاڕ.. یەکێك لە ئامێرە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی نوێ، ئامێری مۆبایلی پێشکەوتووی سێ رەهەندی HTC EVO یە.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هاندە ئەوانەن: خاوەنی دوو پرۆسێسەری زۆر بەهێزە، کە خێراییان 1 تا دوو گێگا هێرتزە. کامێراکەی دەتوانێ بە فۆرماتی P1080 بەشێوەی دوو رەهەندی وێنە و فۆرماتی P720 بە شێوەی سێ رەهەندی فیلم بگرێ. هەروەها دەتوانرێ رامێکی 32 گێگابایتی بخرێتە سەر. خاوەنی شاشەیەکی 4،3 ئینجیە، گشت تواناکانی دیکەی وەکو wifi, gps ی لەسەرە. دیارە گرنگی مۆبایلەکە تەنیا لە سێ رەهەندی بوونەکەی دایە کە دەتوانرێ وێنەکان بەبێ چاویلکەی تایبەت سەیر بکرێن.



## سایتێک بۆ زانینی خێرایی تایپ کردنت





شارەزایی لە تایپ کردندا بەخێرایی و بە دە پەنجە و بێ هەڵە، جگە لەوەی کە پیشەیەکە بۆخۆی، بەڵام وەك هونەرێکی زۆر تایبەتیش سەیر دەکرێت. ئەو شارەزاییەش بە دوو فاکتەری زۆر خۆراهێنان و مانەوەی بەردەوام دەستەبەر دەبێت. گەر بتەوێ لەو بوارەدا سەربکەویت و ببی بە تایپیستێکی پیشەیی، پێویستە زۆر خۆت ماندوو بکەی، ئەگەر خێرایی تایپ کردنت گەیشتە 100 دوگمە لە خولەکێکدا ئەوە تایپیستێکی نیمچە شارەزای و گەر خێراییت گەیشتە 180 پیت لە خولەکێکدا ئەوە تایپیستێکی تەواو شارەزای. گەر حەز دەکەی خێرایی تایپ کردنت بزانی و هەڵەکانی خۆت لە تایپ کردندا ببینی سەر لە سایتی fast-fingers.com بدە، ئەو سایتە سایتێکی ئۆنلاینە، خێرایی تایپ کردنتان پێ دەڵێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو سایتە بەزۆربەی هەرەزۆری زمانەکانی جیهان بەشی تایبەت بەو زمانەی تێدایە، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانە کە لەو سایتەدا هەیە.

# کیبۆردێکی هۆشمەند لە تایپکردندا ماندووت ناکات



کیبۆردی کۆمپیوتەر کە ئامێرێکی لاوەکی کۆمپیوتەرە و خاڵی پێکەوە پێوەندانی بەکارهێنەر و کۆمپیوتەرە، ماوەیەکە بەرەو گۆڕانکاری دەچێت و لەو بازنە کلاسیکیەی کە هەیەتی دەردەچێت. نموونەکەشی کیبۆردی جۆری E-gageیە، ئەو کیبۆردە هۆشمەندە بەرگری دەکات لە جوڵەی دووپات بووە و ماندووکردنی بەکارهێنەرەکەی. کیبۆردەکە بەسیستەمی هۆشمەندی خۆی چالاکی تایپکردنی ئێوە دەزانێت و خۆی لەگەڵ دەست و پەنجەی بەکارهێنەرەکەی دەگونجێنێت. کیبۆردەکە لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆز دەگونجێت.

# کتێبخانەیەکی مەزن لە پەنجەکانتاندا




کۆمپانیای segam wireless نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی Binder کە خزمەتگوزاری Wifi, G3 هەیە هێنایە بەرهەم. ئەو ئامێرە کتێبخانەیەکی مەزنی دیجیتاڵییە کە شاشەیەکی تەواو لەمسی هەیە، هاردی ناوخۆی ئامێرەکە دەتوانێ 12000 کتێب بەبێ وێنە لەخۆیدا خەزن بکات. جگە لەوەش لەکارت میمۆری m-cro SD, SDHCیش سوود وەردەگرێ. Sagem binder نە تەنیا لە سیستەمی خزمەتگوزاری Wifiسوود وەردەگرێ بگرە لە تۆڕی مۆبایلی EDGE, W-DAMA 3G, GPRSیش سوود وەردەگرێت. بەهۆیەوە دەتوانی بە ئاسانی لە نوێترین گۆڤار و رۆژنامەکان سوود وەربگری. کتێبخانە دیجیتاڵییەکە لە فایلەکانی TXT, EPUB, PDF, HTML و هەروەها لە وێنەکانی بە فۆرماتی JPEG, PNG, BMP و فایلی دەنگی MP3یش سوود وەردەگرێت.

# خۆتان پرۆگرامە پۆرتێبلەکانتان دروست بکەن




بـــە داهێنانی فلاش میمـــۆری و هاردی دەرەکـــی (خاریجی) گۆڕانکارییەکی نوێ لە سیستەمی پرۆگرامەکانی کۆمپیۆتەردا هاتە پێش، ئەوانەی شارەزای بواری کۆمپیوتەر بن، دەزانن هەر پرۆگرامێك دەبێت لەســـەر کۆمپیوتەر دابەزێنی تاکو سوودی لێوەربگری، بەڵام پرۆگرامی پۆرتێبڵ واتە "ســـەفەری" ئەو پرۆگرامانەن کە دەتوانی لەســـەر فلاش میمـــۆری، یان هاردی خاریجـــی دابەزێنی و بەبێ ئەوەی کە شوێنێك لە کۆمپیوتەرەکەدا بگرن سوودیان لێوەربگری، لە یەکێك لە ژمارەکانی گوڵان لەو بوارەدا بە درێژی باســـمان کردووە. ئێســـتا کەزانیمان پرۆگرامی پۆرتێبڵ چییە؟ چۆن پرۆگرامەکانمان بکەین بە پۆرتێبڵ.. بۆ ئەم مەبەســـتە باشترین پرۆگرام لەو بوارەدا دەناســـێنین کە ئەویش پرۆگرامی VMWare ThinAppیە، ئەو پرۆگرامە بۆ دروستکردنی پرۆگرامی پۆرتێبڵ سوودمەندە.. لە راستیدا زۆربەی پرۆگرامە پۆرتێبڵەکان بەو پرۆگرامە دروستکراون. ئەو پرۆگرامانەی دروســـتدەکرێن هیچ پێویستیان بە دابەزاندنە سەر کۆمپیوتەر نییە.. شـــێوازی بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر سادەیە.. پێچەوانـــەی پرۆگرامە هاوشـــێوەکانی هیچ زیانێـــك بە ویندۆزی کۆمپیوتەرەکەت ناگەیەنێت.


# كاسێتە كۆنەكانتان بكەن بە ديجيتاڵی





بەرلەوەی ئامێرەکانی وەك CD,DVD, mp3 plaer.. تاد شوێنی کاسێت و ریکۆردەر لەق بکەن، کەمماڵ هەبوو چەندین کاسێتی تێدا نەبێت، ئێستاش ئۆتۆمبێلە مۆدێل کۆنەکان هەر لە کاسێت سوود وەردەگرن.. رەنگە ئێستاش چەندین کاسێتان هەبێت کە حەز دەکەن دەنگی سەر کاسێتەکە ببێتە فایلێکی دیجیتاڵی.. ئەگەر بتانەوێ کاسێتە کۆنەکانتان سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە، ئەو ئامێرە باشترین ئامێرە کە لە یەك کاتتدا هەم دەتوانی گوێ لەکاســـێتە کۆنەکان بگری و هەر لەوکاتەشدا کاسێتەکە بکەی بە فایلێکی MP3، ئیدی لە نەمان بیپارێزی.



# چۆن لە wordدا لاپەڕەی





رەنگە ئەو پرسیارەی لەســـەرەوە کراوە بۆ زۆر لەو کەسانەی کە شارەزای ئەو بوارەن ئاســـان بێت، بەڵام زۆر کەس هەیە کە تازە لە کۆمپیوتەر ســـەرەتایەتی و شـــارەزایەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە بۆ ئەوان گەلێك ســـوودمەند دەبێت. جار هەیە فایلێکی wordمـــان کردۆتەوە کە نیازمان هەیە ژمـــارەی بۆ دابنێین، بەڵام حەز ناکەین یەکەم لاپەڕە یان چەند لاپەڕەی پێشـــەوە، یان چەند لاپەڕەی ناوەند ژمارەیان هەبێ. بۆ ئەم مەبەســـتە دەبێت لەسەرەتادا ئەگەر ئۆفیسەکەت 2003 بێت لەو لاپەڕەیەی کە نیازتە ئەو لاپەڕەیە ببێتە لاپەڕەی دەســـتپێك، کلیك بکەن، پاشان لەســـەر مینۆی insert کلیك بکەن و دواتر فەرمانی Break لێبدەن و پاشـــان دوگمەی Page Break لێبدەن. پاشـــان ok بکەن. دواتر بچنە سەر مینۆی View و بەشی Header and footer و لەوێدا لە بەشی link

بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی Email: it@gulan-media.com Mobile: 07504514008

# بە Qingbar mp101 سەیری فیلمەکانتان بکەن

کۆمپانیایەکـــی تایوانی پرۆژکتەرێکـــی بەرهەم هێناوە کە دەتوانـــێ لەبواری نیشـــاندانی فیلـــم و وێنەکانتاندا مەبەستەکانتان بێنێتە دی.

پرۆژکتەرەکـــە بچووکـــە و بۆ گواســـتنەوە و هەڵگرتن دەگونجێـــت، لە زۆربـــەی ئامێـــرە دیجیتاڵییەکانی وەك: ipad, ipod,touch, iphone...تاد پشـــتیوانی دەکات، هەر لەکاتی نیشـــاندانی وێنەکان بەم پرۆژکتەرە، ئامێرە ناوبراوەکانیش شەحن دەکاتەوە..

ئەو ئامێرە دیجیتاڵییە وێنەکان بە کوالیتی شاشـــەیەکی 37 ئینجی نیشان دەدات. جگە لە نیشاندانی وێنە، توانای نیشاندانی فایلی ڤیدیۆیی، هەروەها بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگیشی هەیە.







# هارددیسکێک لەکاتی پێویستدا زانیارییەکانی سەرخۆی دەسڕێتەوە

هارددیسك کە بنکەی داکردنی داتاکانی کۆمپیوتەرە، گرنگترین ئامرازی کۆمپیوتەریشـــە، چونکە هەرچی داتایە لە فایل و وێنەوە بگـــرە تا دوکیۆمێنـــت و فایلی تر.. لەوێـــدا هەڵدەگیرێن، ئەگەر هارددیســـکێك کە پـــڕ بێ لە زانیاری و ون ببـــێ، یان تێکبچێت ئەوکاتە گرفتێکی گەورە بۆ خاوەنی هارددیســـکەکە روو دەدات کە قەرەبوو ناکرێتەوە..

کۆمپانیایـــەك هارددیســـکێکی نوێـــی بەرهەم هێنـــاوە کە بە MKxx61GSYG ناســـراوە، ئەم هاردیســـکە بۆ کۆمپانیا گرنگـــەکان و دەزگا ئەمنییەکان و بانکەکانەوە...تاد زۆر گرنگە، چونکـــە تایبەتمەندییەك لەو هارددیســـکەدایە کە ئەگەر یەکێکی نەناسراو بیەوێت زانیارییەکانی سەر هاردەکە کۆپی بکات یان لەناویان ببات، ئەوە هارددەکە بەشـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکـــی زانیارییەکانی سەرخۆی دەسڕێتەوە، بەڵام بەکارهێنەر دەتوانێ هەندێك لە زانیاری کە خۆی پێیوایە لەکاتی ئاواشدا نەسڕێنەوە دەکرێ کلیلی نهێنیان بۆ دابندرێت.. ئەو هارددیسکە لەلایەن دەزگای زانیاری ئەمریکاوە بە پەســـەند زانراوە و باشترین هارددیسکە بۆ کاتە زۆر زەرووری و هەستیارەکان بەکەڵك بێت.

# ـــــەکی بێ ژمارە دابنێین؟





to previous لە بەشی header and footer کلیك بکەن. ئەوە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە ژمارە دانان هەر لەو لاپەڕەیە دەســـت پێبکات. پاشـــان دەتوانی لاپەڕەکانـــی دیکە ژمارەیـــان بۆ دابنێی و لە بەشـــی format دا لە فەرمانی start at ئەو ژمارەی مەبەستتە بنووسی.

لە ئۆفیس 2007 و 2010شـــدا لە بەشی page layout کلیك لەسەر فەرمانی Break بکە، پاشان فەرمانی next page لێبدە. دواتر بچۆ سەر فەرمانی insert و لە بەشـــی Header یان Footer هەڵبژێرە و پاشان فەرمانی Edit header یـــان Edit footer لێبدە. لە دوگمەی رەنگ ســـەوزی Design دا بچۆ سەر بەشی Link to Previous کلیك بکە. پاشان فەرمانەکانی دیکە وەك ئۆفیس 2003 ئەنجام بدە.